# بارزانی و خەلیلزاد؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

سەرۆك بارزانی وەك بەرزترین مەكانەتی سیاسەتی كوردی و بڕیاردەری هەرێم ئەو كاتەی كە بڕیاری سەرۆكایەتی دەركرد بە داگرتنی ئالآی عیراقی كە لەراستیدا بڕیارێكی بەجێ بوو كە ئەوە ئالآی ئەنفال و راسیزمی عەرەبی بووبەرانبەر بە شوناس و مێژووی كوردی و پێویستە لابرێت، بارزانی لە پەرلەمانەوە بە هەمومانی راگەیاند كە ئێمە بۆ رێكخستنی بارودۆخی ناوخۆمان ئالآی عیراقیمان داگرتووە و بڕیار نەدراوە ئالآی عیراقی هەڵنەدرێت و داوامان كردووە ئالآیەكی نوێی عیراق دروست بكرێ، كە پێم وایە ئەم لێدوانە لە كاتێكدا دێت كە ئەمریكا بەم بڕیارە رازی نییەو هەربۆیە جۆرێك لە نەرمیشی پێوەیە، یەكێك لە دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریكی لە عیراق كە باڵوێزی ئەمریكا زاڵمای خەلیل زادەو تیۆریسەنی سیاسەتی ئەمریكییە بۆ جیهان، بەهیچ جۆرێ لەگەڵ داگرتنی ئەو ئالآیەدا نەبوو بەتوندیش رەدی كردەوەو تا ئێستاش سەرۆكایەتی هەرێم هیچ وەلآمێكی نەبووە بۆ ئەو باڵوێزەی ئەمریكا كە ئاخۆ بۆچی پێی باشە ئالآیەكی وا لە ئاسمانی كوردستاندا بێت،

كەواتە ئەمە تیشكی سەوزی ئەمریكییە كە پێویستە كورد جارێكی تر بیر لە جیابوونەوە نەكاتەوەو بەو سنورە دەستكردە جەبرییەی عیراق رازی بێت، بۆ نا ؟ كەواتە ئێستا لە نێوان خەلیلزادو بارزانیشدا خیلاف هەیە بۆ ئەم ئالآیە، كە ئەمە ئاماژەیەكی ترسناكە بەوەی كە ئەمریكا دەخالەت لە هەموو پرسێكی سیاسیدا دەكات، بەم پێیەش پرسی ئالآكە كە خاوبوونەوەیەكی بەخۆوە بینی رەنگە لە داهاتوودا بە كەمێك دەستكاریەوە ئاشنای ئالآیەكی دیكە بینەوە كە ئەوەندەی تەمسیلی عیراقێكی ئایدۆلۆژی عەرەبی شۆڤێنی ئەكات ئەوەندە تەمسیلی رۆح و نیشتیمانێكی كوردانە نەكات، ئەو ئالآ تازەیەش كە خەلیلزادو عەرەبە شۆڤێنیەكان بۆمان ئەدوورن و دیزاینی ئەكەن ئەبێ بە ئیجباریش بیكەینە بەرمان و بشەكێتەوە لە كوردستاندا ئەگەرچی ئالآی خوێن و ئەنفال نییە بەلآم خۆ دیارە ئالآی سنورێكی درۆینەی عیراقییە و نەوەیەكی تازە ئێستا لە كوردستاندا سەری هەڵداوەو بەتەواوی رەفزی ئەكات، ئەی بۆ ئەوكاتە بڵێین چی؟ كە ئەمە مەترسیە گەورەكەیە دروستكەری بڕیار لای ئێمە حەسمی كێشەكان ناكات بەپەرلەمانیشەوە، ئێمە ئەگەر بڕیارە هەرێمێكی فیدراڵ بین پێویستە قەراراتیشمان فیدراڵیانە بێت بێ ترس و موجامەلەی عەرەب و ئەوەندەش گوێگری ئەمریكا نەبین، ناكرێت تەنها لە میزانیەیەكدا ئەو هەموو غەدرەمان لێبكەن و تەنانەت لە رێژە دیاریكراوەكەشماندا كە 17٪ یە بە نهێنی و ژێربەژێر كەمی بكەنەوەو لێمان بدزن وەك ئەوەی كە رەحم و سواڵمان پێبكەن، ئایا دەسەلآتی كوردیی كەمتەرخەم قەرەبووی ئەو كەمكردنەوەیەی ئەو چەن ساڵە ئەكات یان ئەمریكا؟ یان وەك هەموو زیانەكانی دیكە ئەیكەن بەژێر لێوەوە؟! عەرەبی عیراقی بە سوننەو شیعەوە لەگەڵ ئەو هەموو كوشت و كوشتارو قەسابییەی نێوانیان كەچی هەر لە ئێستاوە لەیەك سەنگەری دژایەتی ئێمەدا وەستاون ئەی كوا سەنگەرەكەی ئێمەو ئەی كوا هاوپەیمانی نێوان ئێمەو ئەمریكا؟ ئێمە چی

ئەکەین و کامە ئەجێندای رووبەروو بونەوەمانە بێ ئەمریکا؟ ئەی ئایندەی کەرکوك چیلێدەکەن؟ لە سادەترین بریاری داگرتنی ئالآیەکی ئەنفالیانەی بەعسیانەدا ئەو هەموو گوشارو هەڵلایانەمان لەسەر دروست ئەکەن و میدیای عەرەبیمان لێ تاو ئەدەن؟ ئاخۆ ئەبێ لە بریارێکی چارەنوسسازانەی نەتەوەییانەدا بۆ هێنانەوەی کەرکوکی دزراو یان بە ئاراستەی سەربەخۆیی نیشتیمانیدا چی بکەن و چۆن لەمەنگەنەمان بدەن؟